**کاک سولەیمان کەریمی**

کاتێك لەگەڵ وەرزشوانێك سەری قەسە دادەمەزرێندرێ، و پرسیاری لێ دەکرێ کە: "کەی دەستت بە وەرزش کردووە؟" و یا "یەکەم مامۆستا یان هاندەرەت کێ بووە؟" سروشتییە وەڵامەکان جیاوازن و بێ گومان هەر کەس باسی کەسێکی تایبەت دەکا. ئەو بەڕێزانەی کە لە سەرەتای وتارەکە ناویان هاتووە، ئاماژەیان بەم خاڵە کردوە و وەک هاوکاری باش و مامۆستا و راهێنەری دڵسۆز بۆ شارەکە هەموو پێکەوە ناوی کەسێکیان هێناوە کە هەمووکات و ساتی خۆی بۆ پەرەپێدان و خزمەت کردن بە وەرزش و رێزلێنان لە وەرزشوانانی بۆکانی و هاندانیان بۆ چالاکی وەرزشی، تەرخان کردووە و بە یەکەم راهێنەر و مامۆستای وەرزش ناوی براوە و زۆر وەرزشوانی باشی  بە تایبەت لە رشتەی ژیمناستێک پەروەردە کردوە و تەحویلی کۆمەڵگای وەزشی داوە. ئەم بەڕێزە کێ یە؟




کاک سولەیمان کەریمی

کاک سولەیمان کەریمی:  لە ساڵی ١٣١٨ ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بووم و قۆناغی خوێندنم هەر لە شاری مەهاباد تەواو کردوە، پاشان بوومەتە کارمەندی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش لە مەهاباد. لە ساڵی ١٣٣٧ ی هەتاوی بۆ بۆکان ناردرام و بوومەتە مامۆستای وەرزش لە قوتابخانەکانی بۆکان. یەکەم ماڵمان لە کووچەی حاج کەریم مەردان بەگی و جیرانی دیوار بە دیواری ڕێزدار عەبدوڵا ئێرانی بووین. دوای چەند ساڵێك ماڵمان گوێستەوە بۆ پشت سینەما سەعدی بۆکان. یەکەمین چالاکیم دامەزراندنی رشتەکانی فوتباڵ ودەوی میدانی و ژیمناستیک بوو کە بە یارمەتی دۆستان و وەرزشوانانی دڵسوز تا رادەیەک لە کارەکان دا سەرکەوتوو بوین.



لە راستەوە کەسی پینجەم کاک سولەیمان کەریمی لە پەنا مەرحوومی هەمزەئاغای حەمیدی



ژێمناستکارانی بۆکان لەژێر ڕاهێنەریی کاك سولەیمان کەریمی: لە چەپەوە: کەریم فەرامەرزی، عەزیز فەرامەرزی، حوسێن سەرکار، قادەر قادەرزادە. لە ڕاستەوە: مینە مێرزایی، عەزیز مەردان بەگی، عومەر عەبدوڵازادە، محی الدين کەریمی، لە ناوەڕاستدا: جەعفەر شەکەرانی

کاک سولەیمان بۆ پەرەپێدان بە بارودۆخی وەرزشی بۆکان بە تایبەت ڕشتەی ژیمناستیك بە مەبەستی یارمەتی وەرگرتن لە مەهاباد هەوڵێکی زۆری دا و دەسکەوتەکانی بۆ وەرزشی ژیمناستیك کەرەسەی ژیمناستیك، دۆشەگ و .... ئەو شتانە بوون. دیارە ئەوکات بۆکان وەك شارۆچکە لە باری ماڵییەوە لە ژێر دەستی مەهاباد دابوو و زۆر کەم پێداویستییە کانی شارەکە بە تایبەت لە بواری وەرزشی بۆ دابین دەکرا. یا دەتوانین بڵێین بەداخەوە بەرپرسانی ئەوکات گرنگییەکی ئەوتۆیان بە گەشەکردنی بۆکان لە بوارە جۆراوجۆرەکان نەدەدا و کەمتەرخەمییەکی زۆریان سەبارەت بە بۆکان دەکرد!

ئەو وێنەیەی خۆارەوە بێ ئیمکاناتی وەرزش لە بۆکان نیشان دەدا:



کاک سولەیمان زەحمەتێکی یەکجار زۆری بۆ پیکهێنان و پەرەپێدانی رشتەی ژێمناستێك کێشا و بەرهەمی ئەم کارەش وەرزشوانانێکی لێهاتوو بوون کە لە رەدەی ئوستاندا بەرچاو بوون و خەڵاتی زۆریان بۆ بۆکان وەرگرت. هاوکات لەگەڵ کاک سولەیمان برا چکوولەکەی بە نێوی کاک محی الدین کەریمی، وەك چالاکی وەرزشی، هەم لە رشتەی فوتباڵ و هەم رشتەی ژێمناستك زۆر بە توانا بوو و رۆلێکی بەرچاوی لە وەرزشی بۆکاندا گێرا.

رێزدار عەوڵا حەمیدی مامۆستای خانەنشینی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش و یەکێك لە پینگ پۆنگ کارانی ساڵەکانی 1340 لە وتووێژێك لەگەڵ رۆژنامەی نێرۆ و راستی سەر بە ئیدارەی تەربیەت بەدەنی بۆکان ژۆمارە 6 بانەمەڕی 1384 ی هەتاوی دا دەڵێت: "هەمیشە مەدیونی زەحمەتەکانی کاك سولەیمان کەریمی هەم کە وەک مامۆستایەک هاندەرم بووە و زۆری شت لێ فێر بووم. زۆر سوپاسی دەکەم." ئەو گوتەیەی کاك عەوڵا قسەی دڵی زۆربەی ئەو وەرزشوانانەن کە ئەو کات لەژێر راهێنەریی کاك سولەیمان فێری وەرزش بوون.



وێنەی راست: شارەدار، ئەحمەد سامبەگی، قادەر قادەرزادە، وێنەی چەپ، ئەنوەر عەبدوڵاهی لە سەر شانی ژێمناستکاریک، قادەرزادە، ئەحمەد سامبەگی، لە قوتابخانەی کەشاوەرزی

ریزدار سولەیمان کەریمی تا کۆتایی ساڵی 1346 ی هەتاوی لە شاری بۆکان خزمەت دەکا و دواتر لە لایەن ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش وە بورسی درێژەپێدان بە خوێندن لە زانستگای تاران وەردەگرێت. لە رشتەی "مشاور راهنمایی حقوق و علومی سیاسی" دەرێژە بە خوێندن دەدات و بۆ ماوەی 15 ساڵ لە زانستگاکان وەك مامۆستای زانستگە کار دەکات و پاش 36 ساڵ خزمەت لە ئاموزش و پەروەرش خانەنشین دەکرێت. بەڵام لە زانستگا دەرێژە بە خزمەتی خۆی دەدات و بۆ ماوەی 9 ساڵ ئەندامی هەیئەتی زانستگای ئازادی مەهاباد دەمێنێتەوە. لە ساڵی 1373 ی هەتاوی خانەنشین دەکرێت و لە ساڵی 1380 ی هەتاوی بازخەریدی زانستگا و پاش نیزیکەی پەنجا و یەک ساڵ خزمەت ئێستا لە شاری مەهاباد دەژی و جار و بار وەك "مشاور" یارمەتی نەخۆشخانەکانی مەهاباد دەدات.

له کۆتایی دا دوای سپاس و پێ زانینێکی زۆر، ئێمەش هیوای ساغی و سڵامەتی بۆ دەکەین و ئاواتەخوازی تەمەن درێژی بۆ ئەو بەڕێزەین.



وێنەی راست: عومەر عەبدوڵا زادە، مەرحووم فەتاح ئیسماعیل پوور، مینە میرزایی

وێنەی چەپ: جەعفەر شەکەرانی کاتی خەڵات وەرگرتن لە دەست شارەداری بۆکان، کاك ئەحمەد سامبەگی، پارسا بەرپرسی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی بۆکان